# ئاراستە سیاسیەکان ..... ململانێ و کێشەی نوێ



**هۆشیاری عەبدول عەزیز**

پرۆسەی هەڵبژاردن و کارکردن لەسەر دیموکراتیزەکردنی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا بۆ خۆی یەکێکە لە پنتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی کۆمەڵایەتی ، چونکە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی میلتاری تێکەڵاوەوە بگوازینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو ئەوە دەبێ بەردەوام جەخت لەسەر دیموکراسیەت و سترۆکتۆری دیموکراسیەت بکەین ، بەدیوەکەی تریشدا ئەگەر ئەمە هەوڵ وئاما نجمان نەبێ ئەوا پێچەوانە دەبێ درێژە بەرەوشی رابردوو بدەین . واتا کۆمەڵگا لە پرۆسەی بە مەدەنی کردندا پێویستی یەکی بنەڕەتی بە دیموکراسیەت و بنەماکانی دیموکراسیەت هەیە.

بێگومان لە ژیانی دیموکراسیشدا جۆر و شێوازەکانی ململانێ بەدەردەکەون و دەبنە هۆکار لە زیاتر چەسپاندنی ئەو دیموکراسیەتەی کە خەڵك دەیەوێ لەبەرامبەر ئەمەش بۆ گواستنەوەی دیموکراسیەت بۆ ناو پێکهاتە گشتیەکانی کۆمەڵگا دەبێ بزانین چۆن ئاراستەی دەکەین و لەکوێ رای ئەم مەسەلەیەدا برەوی پێ دەدرێ.

لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاراستەکان جۆرو شێوازی بابەتیانە لە خۆنەگرن ئەوە بێگومان ناتوانین لە جێ بەجێ کردندا و بەتایبەت ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ بە دەست بێت. دیارە بەبەراورد لەگەڵ عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەعسی هەڵوەشاوە کوردستان بۆ خۆی بەهەر جۆر و شێوازێك بێت لە پاش راپەرینی 1991 وە لە دۆخێکدا دەژی کە بەشێك لەبنەماکانی دیموکراسیەتی تێدا هەرس کراوە ، واتا لایئێمە جۆرێك لە دیموکراسیەت بۆتە بنەمایەك بۆ هەڵبژاردن و ململانێی حزبی و کێبڕکێی ئاراستەی سیاسی . هەرچەندە رەنگە کێبڕکێ و ململانێکانیش زیاتر بەرژەوەندی حزبی و ریکخراوەیی لە خۆگرتبێ نەك بەرژەوەندی گشتی و ئاما نجەکانی کۆمەڵگا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەگەرچی خەڵك لەلای ئێمەلەو ململانێیەدا تووشی زیانیش هاتبێ هەرچۆنێك بێت شارەزایەکی پەیدا کردووە لە مومارەسەکردنی ئەو جۆرە دیموکراسیەتەدا و دەزانێ چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵ ململانێ و دۆخی هەڵبژاردندا.

تا ئێرە کوردستان و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی ئاگاییەکیان لە هەڵبژاردن و بنەماکانی ململانێ ی هەڵبژاردن هەیە و لەگەڵ ئەو رەوشەدا راهاتوون ، بەڵام کێشەکە لەوە دایە پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی باشور و ناوەراستی عێراق چۆن لەم پرۆسەیە گەیشتوون . ئایا دەتوانن وەکی ئێمە بیربکەنەوە لە بنەماکانی هەڵبژاردن و ململانێ کانی؟ ئاخۆ ئاراستەی سیاسی حزب و ریکخراوە سیاسیەکانی ئەو دووناوچەیە دەتوانن هەرسی شکست و دابڕان بکەن لە دەسەڵات !!.

ئەمانە و پرسیار گەلێکی تر وا دەخوازن قسەیان لەسەر بکرێ و بخرێنە چوارچێوەی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی وردەوە چونکە دەسەڵاتی بەعس لەماوەی 35 ساڵی رابردوودا وەك دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری شمولی تەواوی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی خەڵکی شێواندبوو. ئەمەك تەنها بەرامبەر بە ئاراستەی سیاسی و مەسەلەی دیموکراسیەت بەڵکو تەنانەت لەژیانی رۆژانەی خۆشیان تێ نەدەگەیشتن و نەیان دەزانی چۆنی مامەڵە لەگەڵ واقعی پێکهاتە گشتیەکانی ژیانیاندا بکەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەموو شتێك بێبەش کرابوون و خەسێنرا بون لە ژێر دەستی ئەو رژێمەدا. واتا بە گشتی بەعس لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا کاری کردبووە سەر بیرولێکدانەوەی خەڵکیش لەوەی کە لەهیچ شتێك تێ نەگەن.

هەرکۆمەڵگایەکیش گەر ئەمە پێکهاتەی بێ دەبێ چی کۆمەڵگا یەك بێت بەتایبەت ئەوکاتەی کە حیزب و ریکخراوە سیاسیەکانیش لەهەناوی مناڵدانی ئەماندان و لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا گەورە دەبێ و ئاراستە سیاسیەکانی خۆی دەخاتەڕوو. لەبەرووخستنیشیدا کاریگەری نیگەتیڤی دەبێ لەسەرنەوەی پاشەرۆژ کەلە رەوشی ئێستای عێراقدا بەدیدەکرێت وئەونەوەیەش ئاراستەی مەسەلەکان دەگۆرێ ودەبێتە هۆکاری دەرخستنی هاوسەنگی مەسەلەکان ، بەکورتی من بۆ خۆم بڕوام وایە هەڵبژاردنی ئەم جارە کەباڵی عەرەبی سووننە مەزهەب و گرۆتینی بەخۆی داوەو بەشداری بەرچاو دەکات لە پرۆسەکە زۆر جیاواز تر دەبێ لە هەڵبژاردنی رابردوو ئەونەخشە و پیلانانەی کە پێشووتر لەلایەن حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانەوە نەخشەی بۆ کێشرابوون. واتا ئاراستە سیاسیەکانی ئەمجارە کۆمەڵێك ئاراستەن هەر لە ئێستاوە لەشەڕو ململانێی تووند خۆیان دەسون و قبوڵی نەخشەو پلانی داڕێژراوی هەڵبژاردنی رابردوو ناکەن و ناشیانەوێ ئەو دۆخەی کە ئێستا هەیە وەك خۆی بمێنێتەوەو ئەوانیش لە پێکهاتەیدا مومارەسەی ژیانی سیاسی خۆیان بکەن.

ئەمە جگە لەوەی کە عەرەبی سوونە چۆن لەسەرەتا مەسەلەی دیموکراسیەت و کۆمەڵگای فرەیی و فیدراڵیەتی بەلاوە قورس و رەزەگران بوو ئاوەژووبکات . دیارە لە ئاوەژوو کردنەوەی ئەو دۆخەشدا کورد جارێکی تر تووشی ململانیێ و شەڕێکی توند دەبێ لەبەرامبەر ماف و داخوازیەکانی کە ئێستا هەندێکی لە دەستوور دا چەسپێنراوە و چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنێتی وهەندێکیشی بەهەڵواسراوی ماوەتەوە دەبێ لەداهاتو کاربۆ راستکردنەوەیان بکریت، بەڵام بەهاتنی سوننە بۆ ناو ئەو هاوکێشەیە مەسەلەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردێت و دەبێ کوردیش وردبین بێت لەبەرامبەر ئەوئاڵوگۆڕە و ئەو دۆخەی لە پاش هەڵبژاردنی 12/15 دێتە کایەوە . ئەمەیە وامان لێ دەکات لە پرۆسەکەدا زۆر بابەتیانە و بە بیرکردنەوەیەکی وردەووبەرەچاوکردنی بەدەست هێنانی ماف و داخوازی گەلەکەمان لە کوردستان و بە دوور لەبیرکردنەوە لە مومارەسەی گەندەڵیانەی دەسەڵاتی کوردی کەبنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵگای شێواندوە بچینە پرۆسەکەوە و بە بەڵێ دەنگ بۆ لیستی کوردی بدەین بۆ ئەوەی سەنگ و قورسایی کورد وەك چۆن لە هەڵبژاردنی رابردو بەدەستمان هێنا ئاواش ئەم جارەیان بەدەستی بێنین و نەدۆڕێین لەبەرامبەر ئەو تێفکرین و خوێندنەوانەی کە عەرەبی سوونە و بەتایبەت باڵە ئیسلامیەکانی ناو ئەو هێزە کەدەم راستی عەرەبی سوونەن و دەیانەوێ جارێکی تر بەناوی ئاینی ئیسلام و بنەماکانی تایفی مەزهەبی نەتەوەییەوە دۆخی بەدەستهاتووی کۆمەڵگا بشێوێنن. دیارە لەشێواندنیشیدا تەنها کوردتوشی زیان دەبێت و کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ لەدەستدەدات ئەوەشی لەدەستی دەدەین بەسانای نایەتەوە دەستمان وبۆدواجار دەدۆڕێین وتەنانەت ناشتوانین گەندەڵی و بێئخلاقیەکانی ئیدارەی کوردیش چارەسەر بکەین کەئێستا بەدەمێوە دەناڵێنین ووەك خۆرکە لێمان دەخوات وبوەتە بابەتی ژیانی رۆژانەی خەڵك لەم کۆمەڵگایەدا